Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.19624

# ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین لە شاری کەلار

**دڵپاك احمد حمه امين , ئامانج فؤاد احمد**

زانکۆی گەرمیان . کۆلێجی پەروەردە . بەشی جوگرافیا

**پوختە**

پیسبوونی بینین بەیەکێك لە جۆرەکانی پیسبوونی ژینگە دادەنرێت، ڕواڵەتەکانی ئەم دیاردەیە لەم ساڵانەی دوایدا زۆر زیاتر بووە بەبەراورد بە پێشووتر.بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و پێشکەوتنی ئاوەدانی و پرۆسەکانی شارسازی و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی دانیشتوانەوە. .ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە ، لەڕووی کارگێڕییەوە هاوسنورە لەگەڵ ناحیەی ڕزگاری لەبەشی ڕۆژئاوای و ڕوباری سیروان لەبەشی ڕۆژهەڵاتی و گوندی بەردەسوور لەباکورەوەو گوندی گردەگۆزینە لە باشورییەوە، کۆی گشتی ڕوبەری ناوچەی توێژینەوە دەگاتە ( 17.3کم2) . ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی فاکتەرو ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینیە لە شارەکەدا،و دیاریکردنی کاریگەرییە ژینگەییەکانی پیسبوونی بینین لەو ناوچانەی کەبەڕادەیەکی زۆر ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینینی تێدا دەبینرێت. توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە فۆرمی ڕاپرسی و شێوازی ئاماری ناسراو بە(فاکتەری شیکردنەوە و ڕێگای پێکهاتەی بنەڕەتی)، بەمەبەستی گەیشتن بە دیارترین ئەو فاکتەرانەی کە هۆکارن لە دەرکەوتنی ئەم کێشەیەدا ،وە بۆ زانینی تایبەتمەندییە ناوەکیەکانێتی لە چوارچێوەی یەك کۆمەڵەدا، لێکۆڵینەوەکە بەو دەرئەنجامە گەیشت کە زۆرترین ئەو ڕەگەزانەی بەشدارن لە تێکدانی بینین لە شارەکەدا بریتین لە ((یەکەی نیشتەجێ بوونی هەڕەمەکی ،بڵاوبوونەوەی مۆلیدە ئەهلییەکان وتەل و وایەری ئەو مۆلیدانە، کەمتەرخەمی لەلابردنی کەرەستەی بەجێماو لەکاتی چاککردنەوەو بنیادنانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکاندا،خراپ بەکارهێنانی شۆستەکان لەلایەن دەستگێڕو خاوەن دوکانەکانەوە، جۆراوجۆری مەوادو کەرەستەی بینا و ڕەنگە جۆراوجۆرەکان لە بیناکاندا،قەرەباڵغی هاتووچۆ،بڵاوبوونەوەی پۆستەرو ڕیکلام ولافیتەی هەمە چەشن، هەبوونی ئاژەڵی ماڵی و بەرەڵا لەنێو گەڕەکەکانی شارەکەدا.....هتد.

***Article Info***

Received: June, 2019

Revised: June ,2019

Accepted: July ,2019

***Keywords***

پیسبوونی بینین، هۆکارەکانی پیسبوونی بینین، ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین، شێوازی فاکتەری شیکردنەوە

***Corresponding Author***

dlpak.ahmed@garmian.edu.krd

## پێشەکی

**پیسبوونی بینین بە یەکێك لە کێشە ژینگەییە هەنووکەییەکان دادەنرێت لە ناوەندە شارنشینەکاندا،ئەم کێشەیەش لەم ساڵانەی دوایی دا بەڕادەیەکی زۆر گەورە زیادی کردووە لەدەرەنجامی زۆری ژمارەی دانیشتوان و فراوانبوونی شارەکان و زۆری پرۆسەی بیناکاری و ئاوەدانی (شارسازی)،و کاروبارو وەزیفە جۆراوجۆرەکانی شارەوە.پیسبوونی بینینیش هەموو ئەو ڕواڵەتانەیە کەلەکاری مرۆڤن و کار لە بینەر دەکەن لەکاتێکدا کە پیایاندا دەڕوانێت ، هەمیشە پیسبوونی بینین لەدەرئەنجامی پشت گوێخستن یاخود خراپ بەکارهێنان یان خراپ پلانرێژی و دیزاینەوە سەرهەڵدەدات،و یاخود بەهۆی خراپی ڕەفتارە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانەوەیە.**

**مەترسیەکانی پیسبوونی بینین بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە لەدەستدانی هەستکردن بە جوانی و نەمانی درك کردن پێی و ڕازی بوون بە وێنە ناشرین و نەخوازراوەکان ... ئەتوانین تێبینی سەرچاوەو ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین بکەین لەشەقامەکان و ڕێگاکان و گەڕەکەکانی شارەکەدا زۆر بە ڕوونی ،ئەمەش گرفتێکی ژینگەییە و بەرۆکی ناوچەی توێژینەوەی گرتووەو دیاردەی**

پیسبوونی لێکەوتووەتەوە.توێژینەوەکە بەم هەنگاوە زانستییانە دەست پێدەکات بۆگەیشتن بە ئامانجەکانی ئەوانیش:

## 1. کێشەی توێژینەوە:

1. تا چ ڕادەیەك کێشەی پیسبوونی بینین لە شاری کەلاردا کێشەو گرفتی ژینگەیی خوڵقاندووە؟
2. ئەو لایەنانە چین کەلەرووی جوانی و بینینەوە نەگونجاون، و دەتوانریت دیاری بکریت و دەربکەویت؟
3. ئایا ئەتوانرێت هەمەئاهەنگی و کاری هاوبەش لەنێوان فەرمانگەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت و تاکەکان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پیسبوونی بینین؟

## 2. گریمانەی توێژینەوە:

1. دیاردەی پیسبوونی بینین لە شاری کەلاردا گرفتێکی بەرچاوی ژینگەیی دروست کردووە لە تەواوی ناوچە جیاوازەکانی شارەکەدا.
2. زۆرن ئەو لایەن و روالەتانەی کەلەرووی جوانی و بینینەوە نەگونجاون و بەروونی لەناوچەی تویژینەوەدا دەرکەوتوون.لەوانە گرنگترینیان: لایەنی شارسازی(ئاوەدانی)، قەرەبالغی هاتووچۆ،...هتد..
3. ئەکرێ هەمەئاهەنگی و کاری هاوبەش لەنێوان فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و کەسانی پسپۆڕی ژینگەیی و هەموو لایەکی دیکەدا هەبێت پێکەوە بۆ دانانی میکانیزم و ڕێگاچارە بۆ کەمکردنەوەی ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین.

## 3. شوێن و سنوری ناوچەی توێژینەوە:

شاری کەلار دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە ، لەڕووی کارگێڕییەوە هاوسنورە لەگەڵ ناحیەی ڕزگاری لەبەشی ڕۆژئاوای و ڕوباری سیروان لەبەشی ڕۆژهەڵاتی و گوندی بەردەسوور لەباکورەوەو گوندی گردەگۆزینە لە باشورییەوە ، و لەڕووی پێگەی گەردوونی ( ئەسترۆنۆمی) یەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (" 08 '36 °34 ) و ("24 ' 39 °34) پلەی باکوری زەوییەوە و نێوان هەردوو هێڵی درێژی ("15 ' 17 45 °) و ("50 '21 45 °) پلەی ڕۆژهەڵاتی زەوییەوە. لەڕووی ڕوبەرەوە کۆی گشتی ڕوبەری ناوچەی توێژینەوە دەگاتە ( 17.3کم2).بڕوانە نەخشەی ژمارە .(1)

## 4. ئامانجی توێژینەوە:

1. دەرخستنی فاکتەرو ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین لە شاری کەلاردا.
2. دیاریکردنی کاریگەرییە ژینگەییەکانی پیسبوونی بینین لەو ناوچانەی کەبەڕادەیەکی زۆر ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینینی تێدا دەبینرێت.
3. دەستنیشانکردنی ئاستەکانی پیسبوونی بینین لەو شوێنانەی کە لەڕووی بینینەوە بە پیس ئەژماردەکرێن.

## 5. گرنگی توێژینەوە

لێکۆڵینەوە لە کێشەیەکی مەترسیداری وەکو پیسبوونی بینین یەکێکە لەو لێکۆڵینەوانەی کە پێویستە توێژەران و پسپۆڕانی بواری ژینگەو پلانرێژانی شارسازی گرنگی پێ بدەن و لە فاکتەرەکانی پشتی سەرهەڵدانی ئەم کێشەیە بکۆڵنەوەو ڕواڵەت و سەرچاوەکانی دیاری بکەن لەگەڵ دانانی ڕێگا چارەی گونجاو بۆ لایەنی پەیوەندیداری پەیوەست بە بنیادنانی شار بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردە ژینگەیە کە کارلە ژینگە دەکات و بەرەو تێکدان و تێکچوونی هاوسەنگیەکەی دەیبات ئەمە سەرباری کاریگەری ئەم جۆرەی پیسبوون لەسەر هەست و نەستی تاك و بارگرژی دەروونی و نەمانی زەوق و سەلیقەی هونەری لای تاك و تێکچوونی ڕوخساری شارو شوێنە جیاوازەکانی.

## 6. میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی پشت پێبەستراوی تویژینەوەکە پێکهاتووە لە میتۆدی وەصفی و شیکاری ،بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە و گەیشتن بە ئەنجامی کۆتایی، و هەروەها بەکارهێنانی شێوازی بڕی (کمی) لەکۆکردنەوەی زانیارییەکان و چارەسەرکردنی داتاکان بەبەکارهێنانی شێوازی ڕاپرسی، و تێبینی و پشکنینی ڕاستەوخۆ لە ناوچەی توێژینەوە لەسەرکراو.

## 7. ڕێگای کارکردن:

ڕێگای کارکردن لەم توێژینەوەیەدا پشتی بەستووە بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی بەپلەیەك

سەرەکی،هەر لە دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەسەر (100) نموونە لە دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا،و داخلکردنی گۆڕاوەکانی نێو فۆرمەکە بە ڕێگای ئاماری تایبەت بەتوێژینەوەکە و بەکارهێنانی بەرنامەی,(SPSS) و پرۆگرامی Microsoft (Excel2010لە وێنە بەیانییەکاندا،و وێنەی فۆتۆگرافی ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین لە شاری کەلاردا لەلایەن توێژەرانەوە،و هەروەها بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS) لە کێشانی نەخشەدا .

## تەوەری یەکەم// چەمکی پیسبوونی بینین

پیسبوونی بینین بریتیە لە نەمانی روالەتەکانی جوانی لەشاردا وەکو تیکچوونی بیناکان و بلاوبوونەوەی ناوچەی هەرەمەکی و نەبوونی ریکخستن و ناچونیەکی لەنیوان رەگەزەکانی ژینگەی دەوروبەری شار(1) و زاراوەیەکەو مەبەست لێ ئەو هەستەیە کە لە ئەنجامی بینینی توخمە مادی و مەعنەوییەکانی ژینگەوە پەیدادەبێت بەمەبەستی دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی تەندروست و لەبار و بێ مەترسی کەبەتوانایەکی بەرزەوە فەرمانەکانی بەجێ بگەیەنێت، سەرباری ئەوەی دەبێتە خاوەنی سیفات و تایبەتمەندی جوانی جا دەستکردی سروشت بێت یان مرۆڤ.(2)

پیسبوونی بینینVisual Pollution)) پێناسە دەکرێت بە ڕەگەزە بینراوە ناسەرنج ڕاکێشەکان ،جا چ ئەو ڕەگەزانە دیمەنە سروشتییەکان بن یاخود دیمەنی دەستکرد بێت،و یاخود بریتییە لە تێکچوونی هەر دیمەنێك کە چاوی مرۆڤ لەکاتی ڕوانین بۆیان

هەست بە ئاسودەیی دەروونی ناکات،و هەروەها سەلیقەی هونەری تێکدەدات ، و یاخود شاردنەوەی وێنەی جوانیی هەموو ئەو شتانەی کەلەدەوروبەرمان هەن .وە دەتوانین پیسبوونی بینین پێناسە بکەین بەوەی کە ئەو جۆرەی پیسبوونەیە کە ئازاری چاو دەدات لە زۆرینەی بارودۆخەکاندا کاردەکاتە سەر خۆشگوزەرانی گشتی، و زیان بە تەندروستی شار دەگەیەنێت و دایئەماڵێت لە سیماو وێنە جوانەکانی(3). وە پیسبوونی بینین بریتییە لە هەر توخمێکی بینراو کە سەرنج راکێش نیە و کاردەکاتە سەر سیمای شارستانی بەگشتی ئەمەش هەستی بینینی باش نابەخشێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە بینەرهەست بە ئاسودەیی ناکات(4.(

یاخود هەموو ئەوانەی کەدەبینرێن لە کاری بیناسازیدا (اعمال انشائیە) و لەکاری مرۆڤن و ئازاری بینەر دەدات لەکاتی تێڕوانین پیایاندا ،و بەدووبارەبوونەوەی تێڕوانین بەو دیمەنانەدا بەتێپەڕبوونی کات وا لە بینەر دەکات هەستی جوانی لەدەست بدات ،و بوونیان بە ماددەو ڕەگەزی پیسکەری نائاسایی دادەنرێت ، و یان لەدەستدانی جوانی و سەلیقەی گشتی و خراپ بەکارهێنانی دیزاین و بنیادنانی ئاوەدانی (شارسازی) و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە هەڵەکان دەگرێتەوە(5)،یان لە ئەنجامی دەرئەنجامەکانی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیاو تەکنیکەوە پەیدادەبێت، لەئاکامی ئەمەدا ئەو پیسکەرانەی کە پەیوەستن بە هەستەکانی مرۆڤەوە (بیستن،بۆن،بینین) دروست دەبن ،هەموو ئەمانەش کار لە مرۆڤ دەکەن و کاریگەری دەرونی و تەندروستی بەجێ دەهێڵن و زیان بە مرۆڤ دەگەیەنن بە تێپەڕبوونی کات.(6)

مەبەست لە پیسبوونی بینین هەموو ئەو نارێکی و تێکچوون(التشوهات)انەیە کەلەئەنجامی هەڵەکانی بیناسازی و ڕێکخستن (التنظیمیە) و پاشماوەی بیناسازی و ئاوەدانیەوە پەیدا دەبێت، سەرەڕای ئەو دیاردانەی کەبەڕواڵەتە نێگەتیڤەکان دادەنرێن و دەوروبەری تێکداوین، بەزۆری کاریگەری خراپیان دەبێت لەسەر ژینگەو کۆمەڵگا، و وشەی (تشوە ) کورتدەبێتەوە لە خراپی کاری بیناسازی دا کە بەهۆی بیناکانەوە کەڵەکە دەبێت ئەویش بەیەکێك لە هۆکارەکانی ئابوری یاخود کۆمەڵایەتی یان رۆشنبیرییەوە(7).هەموو ئەم پێناسانەش دەمانگەیەنێت بەوەی کە پیسبوونی بینین بریتییە لەو دیمەنانەی کە مرۆڤ دەیانبینێت و لەڕووی دەرونیەوە پێیان ئارام و ئاسودە نیە و ئەمەش ڕواڵەت و سیمایەکی ناشرین بە ژینگەی شار دەبەخشێت.(8)

**تەوەری دووەم// هۆکارەکانی پیسبوونی بینین :**

هۆکارەکانی ئەم جۆرە پیسبوونە دەگەڕێتەوە بۆ کەم تەرخەمی مرۆڤ لەبەرامبەر ژینگەی دەوروبەری و خراپ بەکارهێنانی بۆ ئەو ژینگەیە(9).گرنگترین ئەو هۆکارانەش کە دەبنە هۆی پیسبوونی بینین بریتین لە:

1. هۆکاری پلانرێژی (نەخشەکێشان): ئەم هۆکارە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر جوانی شار لەئەنجامی خراپی پلاندانانی شارستانی و نزمی ئاستی هونەری لەکاتی دیزاینکردنی بینایەکانی شاردا، ئەم کارەش دەبێتە هۆی تێکدانی شارکەبە ئاسانی ناتوانرێت چارەسەربکرێت.
2. هۆکاری کارگێڕی و یاسایی : پیسبوونی بینین لەشاردا دەردەکەوێت بەهۆی نەبوونی پلان و مەرجە تەشریعییەکانی پلاندارێژەران و دیزاینەرانی شار (بیناسازان، شارزان) کەڕەچاوی بنەماو سیستەمەکانی بینائی و پلانرێژی ناکەن،ئەمەش وا دەکات شارێك دەربکەوێت لە دەرەوەی سیاق گشتی دیمەنی شاردا(10). و یاخود ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین لەزۆربەی حاڵەتەکاندا لەئەنجامی لاوازی لایەنی ئیدارییە لە ڕێکخستنی شاردا بەهۆی نەبوونی بەدواداچوون بۆ ئەو سەرپێچیانەی کەلایەن کاربەدەستانی شارەوانیەوە دەکرێت، ئەم کارەش زیاددەکات ئەگەر هاتوو یاساو ڕێسایەك نەبێت بۆ لێپێچینەوەی ئەوانەی کە هۆکارن لە پیسبوونی بینین دا.
3. هۆکاری ڕەفتاری : لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مرۆڤ هۆکاری سەرەکی پیسبوونی بینینە ئەمەش بەهۆی ڕەفتارو سەلیقەی جیاواز لە بنیادنانی یەکەکانی نیشتەجێبوونی تایبەت بە خۆیان ،لەوانە هەڵبژاردنی ڕەنگی دیواری ماڵەکانیان و شوێنی کارەکانیان، یاخود لەڕێگای خستەڕووی کاڵاکانیان یاخود فڕێدانی پاشماوە و خاشاکیان ....هتد ئەمەش ئەو مومارەساتانەن کەزیان بە ژینگەی شار دەگەیەنن.(11)
4. هۆکاری ئابوری و دارایی: باری ئابوری و دارایی رۆڵێکی گەورە دەگێڕن لەهەر کۆمەڵگایەکی نیشتەجێبووندا، لەڕووی دەرکەوتن یان دەرنەکەوتنی دیاردەی پیسبوونی بینین لە شارەکەدا، بۆ نموونە ئەو شارانەی کەتوانای ئابوریان لاوازە و توانای مادییان کەمە، هەموو شێوەکانی دیاردەی پیسبوونی بینین لە شارەکانیاندا دەردەکەوێت، ئەمە سەرباری نزمی ئاستی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری دانیشتوانەکەی وە پێچەوانەکەشی ڕاستە .(12)واتە ژینگەیەکی جیاواز دروست دەبێت بەهۆی جیاوازی لەتوانای دارایی و مادی دا،ئەکرێ ئەم فاکتەرە لەیەك گەڕەکی شارێکدا جێبەجێ ببێت.(13) وەهەروەها دەرکەوتنی نموونەکانی بیناکاری نوێ کە کاریگەرن بە بیناکاری رۆژئاواوە،و کاریگەری کۆچی گوندنشینان بۆ شار بەمەبەستی کارکردن و بارگرژی نیشتەجێبوون و دەرکەوتنی یەکەکانی نیشتەجێبوونی هەڕەمەکی .
5. نوێگەرییەکانی سەردەم (مستجدات العصر) ،مەبەست لێی پێشکەوتنەکنی تەکنۆلۆجی و زانستییە، ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستن بە پێشکەوتنی نوێی سەردەم : وەکو تەقینەوەی دانیشتوان ، بڵاوبوونەوەی خێرای تەکنۆلۆجیا، تێکرای دارایی لەبەرزبوونەوەی نرخە جیهانییەکان و بارودۆخی ئابوری ، وەڕەنگدانەوەی هەموو ئەمانەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە پیسبوونی شارلەڕووی بینینەوە. (14)
6. زیادبوونی دانیشتوان : دانیشتوان بەڕەگەزێکی گرنگ و سەرەکی دادەنرێت لەسەرهەڵدانی دیاردەی پیسبوونی بینین دا ، و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شاری کەلار جا چ بەشێوەی

سروشتی یاخود بەهۆی كۆچكردنی خەڵكانێكی تر بۆی لەئاوارەو ....هتد، فشار دروست دەكات لەسەر شارلەهەموو بوارەكاندا بەجۆرێك گەشەی ساڵانەی لەنێوان ساڵانی (2017 .1977) (%6.79) بووە، (دیاردەی نەبوونی پابەندبوون بە یاساو ڕێساكان بووەتە هۆی وێرانكاری لەژینگەی شاردا و دەركەوتنی چەندین جۆری پیسبوونی بینین (دواكەوتووی ژینگەیی، تەجاوزاتی یەكەی نیشتەجێ بوون ، گەڕەكی هەڕەمەكی ....هتد ) بەهۆی جیاوازی لە ژینگەی كۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری و بژێوی و ئابوری(15)،بڕوانە خشتەی ژمارە (1 ).

(*)ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بەبەكارهێنانی ئەم هاوكێشەیەی خوارەوە دەرهێنراوە:

R =ڕێژەی گەشەی ساڵانە


N = ژمارەی ساڵانی نێوان دوو سەرژمێری

Pi = ژمارەی دانیشتووان لە سەرژمێری داهاتوو

Po = ژمارەی دانیشتووان لە سەرژمێری ڕابردوو

سەرچاوە: طه حمادي الحديثي، جغرافية السكان،دارالكتاب للطبعة والنشر،جامعة الموصل، الموصل، 1988 ،ص391.

شێوەی (1) تێكڕای گەشە لە سەرژمێری ساڵەكانی (1977-1987-2002-2017ز)




سەرچاوە:لەكاری توێژەران بەپشت بەست بە خشتەی ژمارە(1)

## تەوەری سێیەم // شیكردنەوەی ڕواڵەتەكانی پیسبوونی بینین لە ژینگەی شارنشین لە شاری كەلاردا:

لەكاتی ئەنجامدانی سەردانە مەیدانیەكانمان بۆ ناوچە جیاوازەكانی شاری كەلارو تەواوی شێوازەكان و بەكارهێنانەكانی زەوی شارەكە زۆر بە زەقی ئەم دیاردەیە (پیسبوونی ب بدەین و بەهای جوانی و وێنەی ڕاقێتی ڕوخساری بیناكاری لە دەست دەچن.

ڕواڵەتەكانی پیسبوونی بینین لە ناوچەی توێژینەوە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. بڵاوبوونەوەی پڕوپاگەندەو بانگەشەی ڕیكلامی (الدعایە الاعلامیە): بەشێوەیەكی گشتی هەموو پۆستەرو لافیتەی بازرگانی و سیاسی دەگرێتەوە كەلە هەموو شوێنەكانی شارەكەدا بڵاوبووەتەوە بەتایبەتی لە ناوچە بازرگانیەكان (بازاڕی سەرەكی) ،ئەمانەش دەبنە هۆی شاردنەوەی وێنەی جوانی ئەم ناوچانە، و جۆرێك لە جۆرەكانی نەمانی

سەلیقەو زەوقی هونەری لای خاوەنەكانیان. بڕوانە وێنەی (1)

2. قەرەباڵغی هاتووچۆ (الازدحام المروری) : ئەمەش بەهۆی تەسكی شەقامەكانی شارو و خراپ بەكارهێنانی شۆستەكانەوە ڕوودەدات،بەتایبەتی لە هەندێك شوێنی شاردا شەقامەكان تەنها یەك سایدن و قەرەباڵغییەكی زۆری هاتووچۆیان كەوتووەتە سەر و یاخود ڕوبەری هەندێك لە شەقامەكان زۆر تەسكن و تەنها چەند مەترێك پانیان دەبێت ئەمەش وای كردووە كە لە ڕووی هاتووچۆوە گرفت دروست ببێت و دیاردەی پیسبوونی بینین بە هۆی قەرەباڵغی مروریەوە دروست ببێت. بڕوانە وێنەی ژمارە (2) .

3. جۆراو جۆری مەوادی بیناو ڕوپۆشی بیناكان : (هەمەچەشنەیی ئەو ماددانەی كەلەبینایەكاندا بەكاردەهێنرێ) ئەم ڕواڵەتەی پیسبوون زۆر بەڕوونی لەهەموو گەڕەك و شوێنە جیاوازەكانی شارەكەدا دەردەكەوێت ،مادەی جۆراوجۆر لە بنیادناندا بەكاردەهێنرێت وەكو ( حەلان، مەڕمەڕ، چیمەنتۆ،گەچ،كاشی......هتد). ئەمەش جۆرێك لە ناڕێكی لە دیمەنی جوانی بیناكاندا خوڵقاندووە و جیاوازی لە دیكۆری بینایەكاندا هەن لەگەڵ نەبوونی هاوئاستی لەنێوان هەریەكە لە بینایەكاندا. بڕوانە وێنەی ژمارە (3).

4. جیاوازی لە بەرزو نزمی بیناكان و ڕوبەرەكانیان: هەندێك لە بینای ماڵان لە چەند نهۆمێك پێكهاتووە و یاخود ڕوبەرو پانتاییەكی زۆری داگیركردووە لەبەرامبەردا خانوو بینای تەنیشتی لە نهۆمێك پێكهاتووە ویان ڕوبەرەكەی بچوكترە ئەمەش وا دەكات كە ناڕێكی لە دیزاینی بیناكاندا دروست دەبێت كەكارلە چاوی مرۆڤ دەكات لەكاتی ڕوانین بۆیان و وادەكات كە چاو ڕوانینێكی جوانی بۆیان نەبێت و بێزاری بینین دروست دەكات لای كەسەكە ئەمە سەرباری نەگونجان و چونیەكی لەنێوانیاندا.بڕوانە وێنەی ژمارە (4) .

5. بڵاوبوونەوەی پاشەڕۆو خاشاك : بڵاوبوونەوەی خاشاك و پاشەڕۆ لەشەقامەكان و گۆڕەپانەكاندا دیاردەیەكی ناشارستانی و نەشازە، وە زیانەكانی زۆر گەورەو مەترسیدارە كە دەبێتە ناوەندێك بۆ بڵاوبوونەوەو زۆربوونی پەتاو میكرۆب،سەرەڕای بۆنی ناخۆش و دیمەنە ناشایستەكەی(16) .بڵاوبوونەوەو كەڵەكەبوونی پاشەڕۆو خاشاكی ماڵان و پرۆژە جیاوازەكان لەشاری كەلاردا سیماو وێنەیەكی ناشرین و نامۆی دروست كردووە بە چەشنێك ئەم پاشماوەو پاشەڕۆیانە زۆرینەی ناوچە جیاوازەكانی شارەكەی گرتوەتەوە، ناو گەڕەكەكان (یەكەكانی نیشتەجێ بوون ) ،ناو بازاڕ و شوێنە گشتیەكان لەم دیاردەیە بێبەش نین. بڕوانە وێنەی ژمارە (5 )

6. .بڵاوبوونەوەی ئاژەڵە ماڵی و بەرەڵاكان : لەهەندێك لە گەڕەكەكانی شارەكەدا ئاژەڵە ماڵی و بەرەڵاكانیش دەبینرێن

بەتایبەتی لە گەڕەکە هەڕەمەکیەکاندا و یاخود ئەو شوێنانەی کە تاڕادەیەك دوورە دەست ترن لەمەرکەزی شارەوە ئەم دیاردەیە زیاتر بەرچاو دەکەوێت وەکو گەڕەکەکانی (حەمرین ، بەردەسوور ، گۆران، سیروان، ....هتد ، و یاخود ئەو ناوچانەی کە دەکەونە پەراوێزی شارەوە کە خاوەنی باکگراوندێکی دێهاتین ، ئەمەش سیمایەکی ناشارستانیە لە ناو شارەکەدا دەبینرێت ئەمە سەرباری شێواندنی وێنەی شارو جوانییەکەی. بڕوانە وێنەی ژمارە (6).

7. تەل و وایەری مۆلیدە ئەهلییەکان : مۆلیدەکانی کارەبای ئەهلی بە پیسکەری ژینگە دادەنرێن ئەمە تەنها لەڕووی پیسبوونی بینینەوە نا بەڵکو لەڕووی پیسبوونی هەواشەوە لەدەرئەنجامی ئەو گازانەی کە دەرهاویشتەی دەکەنە ناو هەواوە(17)،نەبوونی کارەبای پێویست هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەی ئەم مۆلیدانە بوون لە شارەکەدا ،لە مۆلیدەکانەوە لەڕێگەی سەدان تەل و وایەرەوە کارەبا دەگەیەنرێتە ماڵەکانی شارەکە ئەمەش لەگەڵ تەل و وایەری کارەبای گشتی دا تێهەڵکێش دەبن و سیمایەکی ناشرین و نارێك و پێك دەبەخشن بە شارەکە لەکاتێکدا کە بینەرپێیاندا دەڕوانێت. بڕوانە وێنەی ژمارە (7).

8. دەست گێڕو بازاڕە هەڕەمەکییەکان: ئەمیش بەجۆرێکی تری ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین دادەنرێت لە ناوچەی توێژینەوەدا،لەم چەند ساڵەی دویدا فرۆشیارە دەستگێڕەکان لە تەواوی گەڕەکەکان و شوێنە جیاوازەکانی شارەکەدا بەڕادەیەکی زۆر زیادی کردووە ،هەموو جۆرە کاڵاو شمەکەکان لەڕێگەی ئەم دەستگێڕانەوە بەناو کۆڵانەکانی شارەکەدا فرۆشتنیان ساغ دەکرێتەوە،ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر خوڵقاندنی پیسبوونی ژینگە وەکو یەکێك لە ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین. وەك لە وێنەی ( 8 ) دا دیارە

9. .نووسین لەسەر دیوار: دیاردەی نووسین لەسەر ڕووی دیوارو بیناکان بە ڕواڵەتێك لە ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین دادەنرێت، و خویەکە لە خوەکانی گەنجان لەناوچەی توێژینەوەدا و ڕەفتارێکی ناشارستانیە، دیوارەکان کراون بە کاغەز و لەسەریان چەندین دروشم و نوسراو نوسراون وە بەتایبەتی دروشمی هاندانی تیپە وەرزشیەکان و پڕوپاکەندەی پارتە سیاسییەکان وە چەندانی تر،ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لە شاردنەوەی ڕوکاری بینایەکان و ڕوخساری بنەڕەتیاندا،وە ئەمەش ڕواڵەتێکی ناشرین و شێوێنراوی لێدەکەوێتەوە(18).ئەم دیاردەیەش لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بە زۆری دەبینرێت و یەکێك لە ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینینی خوڵقاندووە لە ناوچەکەدا . لە وێنەی ژمارە ( 9 ) دیارە.

10. بڵاو بوونەوەی ئاوی زێراب و ئاوەڕۆ: هەرچی ئاوی ئاوەڕۆو زێرابە بەیەکێکی تر لەڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین دادەنرێت لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا ،بەجۆرێك ئەگەر بەناوچەی توێژینەوەدا گوزەرێك بکەیت ئاوەڕۆی سەر دانەپۆشراو لە بەشێکی زۆری نێوەندی گەڕەکەکاندا دەبینرێت کەلەڕێگەی جۆگەلەیەکەوە تێپەڕ دەبێت ،ئەمەش سەرباری پیسبوونی بینین لەشارەکەدا کێشەی جۆراوجۆری ژینگەیی دیکەشی لێکەوتوەتەوە. بڕوانە وێنەی (10).

11. زەوی نیشتەجێبوونی بەجێهێڵراو (الاراضي السكنية الفارغة): یەکێکی دیکەیە لە ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین لە ناوچەی توێژینەوەدا و بەتایبەتی لەو گەڕەکانەی کە تازە بنیادنراون ئەم ڕواڵەتە بەزۆری دەبینرێت،کە خاوەنەکانیان بەهەر هۆکارێك بێت ئەو پارچە زەوییەی وەکو خۆی هێشتوەتەوەو بینای تێدا دروست نەکردووە،ئەمەش نارێکی و دیمەنێکی ناشرین دەبەخشێت بە سیمای شار . وێنەی ژمارە (11).

12. یەکەی نیشتەجێ بوونی هەڕەمەکی: یەکە هەڕەمەکییەکان ڕوبەرێکیان لە پانتایی ناوچەی توێژینەوە داگیرکردووەو خەڵکانێکی زۆر نیشتەجێی ئەو یەکانەن، ئەم یەکە نیشتەجێ بوونە هەڕەمەکیانە لەڕووی کاری بیناسازی و دیزاینەوە پڕ کەمووکورتین و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی خانووەکان بنیادنراون و هیچ بنەمایەکی ئەندازەکارییان تێدا نیە ،ئەمانەش ڕواڵەتی پیسبوونی بینینیان لێکەوتووەتەوە، بروانة وێنەی ژمارە (12).

13. بەیەکداچوونی بەکارهێنانەکانی زەوی: بەیەکداچوونێکی زۆر بەدیدەکرێت لە بەکارهێنانەکانی زەوی لەشاری کەلاردا بەڕادەیەك بەتەنیشت خوێندنگایەکەوە نەخۆشخانەیەك و بەتەنیشت ئەمیشەوە مزگەوتێك یاخود دوکان و بازاڕو شوێنێکی پیشەکاری ....هتد دەبینرێت واتا هاوچونیەکی لەبەکارهێنانەکانی زەوی شارەکەدا کەمە ئەمەش جۆرێك لە جۆرەکانی پیسبوونی بینینی لێکەوتووەتەوە.بڕوانە وێنەی (13).

14. خراپ بەکارهێنانی شۆستەکان: کەم تەرخەمی لایەنی پەیوەندیدار ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیەدا،بەشێك لە خاوەن دوکان و پیشەوەران شۆستەکان ئەقۆزنەوە بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانیان ،ئەمەش ناو دەبرێت بە تەجاوزکردن لەسەر شۆستەکان و سیمای شار تێکدەدات و ڕواڵەتێکی پیسبوونی بینینی لێدەکەوێتەوە.وەکو لە وێنەی (14) ڕواڵەتەکە دەردەکەوێت.

15. کاری بەڵێندەرایەتی و پرۆژەکان: هەندێك لە بەڵێندەرەکان خاشاك و پاشماوەی کارەکانیان بەجێدەهێڵن لەو شوێنەی کە پرۆژەکەی تێدا بنیاد دەنێن بۆ ماوەیەکی درێژ ئەمەش تێکدان و ناشرینکردنی سیما و دیمەنی شاری لێدەکەوێتەوە، وەکو وێنەی (15)

کەواتە ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین لە ناوچەی توێژینەوەدا جۆراوجۆرن، کە هەموویان پێکەوە سیمای گشتی ناوچەی توێژینەوەیان تێکداوە، بۆزیاتر کاریگەری هەریەکە لەو ڕواڵەتانە بەشێوەی ئاماری بەپشت بەستن بە پاشکۆی

ژماره (1) کاریگەری هەریەکەیان دەخەینە ڕوو بەبەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری spss .

## تەوەری چوارەم// شیکاری ئاماری (بڕی) بۆ فاکتەرە کاریگەرەکانی دیاردەی پیسبوونی بینین لەشاری کەلار

ئەم تەوەرەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە شیکردنەوەی گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر دیاردەی پیسبوونی بینین لەشاری کەلاردا، ئەمیش لەڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی بڕی (کمی) بە پشت بەستن بەو زانیاری و گۆڕاوانەی کەلە فۆرمی ڕاپرسیەکەدا خراونەتە ڕوو پاشکۆی (1)، کەدەتوانین لەم هەنگاوانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە ئەوانیش:

### یەکەم//هەنگاوەکانی کارکردن:

1. دروستکردنی فۆرمێکی ڕاپرسی تایبەت بە کێشەی پیسبوونی بینین لەناوچەی توێژینەوەدا ،کە فۆرمەکە (16) پرسیاری لە خۆگرتبوو،لەگەڵ دەرخستنی چوار پرسیار بەشێوەی هەڵسەنگاندن لەلایەن وەڵامدەرەوەکانی نموونەکاندا، سەبارەت بە زانینی ئاستی هۆشیاری تاك لەناوچەی توێژینەوە لەهەمبەر کێشەکەو هۆکارەکانی خوڵقاندن و زیادکردنی دیاردەکە لە شارەکەدا .
2. هەڵبژاردنی نموونەکانی توێژینەوەکە، بەتایبەتی ئەو نموونانەی کە زۆرترین بڵاوبوونەوەی بەرچاویان هەیە لە ناوچەی توێژینەوەداو لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا یەکدەگرنەوە.
3. دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەسەر تاکەکانی نموونەکاندا ،کەلە گروپ و ئاستی تەمەنی جیاواز پێکهاتوون
4. .لەدوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان ،کەپێکهاتوون لە (100) فۆرم، هەنگاوی دواتر داخلکردنی داتاکانە لە بەرنامەی تایبەتی ئاماری بەبەکارهێنانی بەرنامەی.(SPSS)
5. گرتنەبەری شیکاری ئاماری بەسەر گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەدا، بەبەکارهێنانی شێوازی)) فاکتەری شیکردنەوە ((Factor analysis، لەناو ئەم شێوازەشدا بەکارهێنانی ڕێگای)) پێکهاتەی بنەڕەتی ، المکونات الاساس .(Principal Component))وەکو ڕێگایەکی گونجاو بە توێژینەوەکەو گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە.

### دووەم// شیکردنەوەی گۆڕاوەکان:

دوابەدوای کۆکردنەوەی تەواوی زانیارییەکان لەسەر (16) گۆڕاوەکە کەبەسەر تاکی سامپڵی توێژینەوەکەدا دابەشکرا، پاشان کۆکردنەوەی هەموو وەڵامەکانی ناو سامپڵەکان و دانانی ئەو زانیاریانە بوو لە خشتەیەکی تایبەت بە ناوی خشتەی ڕیزکراوی زانیارییەکانی گۆڕاوەکانی لێکۆڵینەوەکە ،کەلە پاشکۆی ژمارە (2) دا هاتووە،پاشان داخلکردنی ئەم زانیاریانە لەبەرنامەی تایبەتی ئاماری لەلایەن توێژەرانەوە بۆ زانینی گرنگترین ئەو فاکتەرە شاراوانەی کەلەپشتی کەڵەکەبوونی ئەم کێشەیەوەن.

لەم توێژینەوەیەدا شێوازی ئاماری ناسراو بە شیکردنەوەی فاکتەری (Factor Analyses) مان بەکارهێناوە ،لەناو ئەم شێوازەشدا ڕێگای پێکهاتەی بنەڕەتی (Principal Component) مان هەڵبژاردووە،بەمەبەستی گەیشتن بە دیارترین ئەو فاکتەرانەی کە هۆکارن لە دەرکەوتنی ئەم جۆرەی پیسبووندا .وە بۆ زانینی تایبەتمەندییە ناوەکیەکانێتی لە چوارچێوەی یەك کۆمەڵەدا،و ئامانجیش لەبەکارهێنانی ئەم ڕێگایەدا کورتکردنەوەی ئەو پەیوەندییە تێهەڵکێشەیە کەلەنێوان گۆڕاوەکاندا هەیە بۆ چەند فاکتەرێکی دیاریکراو، ( Factors) واتا دیاریکردنی گۆڕاوەکان لەیەك کۆمەڵەی هاوچوونیەکدا .کە ئەمەش دەناسرێت بە فاکتەرە تێرکراوەکان (التشبعات العامل .(Factor Loading) ) گرنگی ئەم ڕێگایەش لەتوێژینەوە جوگرافییەکاندا لەوەدایە،کە توێژینەوەکان لە وەسفی پەیوەندی شوێنی بەوەسفکردنێکی دەربڕینیەوە دەگوێزێتەوە بۆ وەسفکردنێکی ماتماتیکی،و ئەو فاکتەرانەی کە هۆکارن لە وەسفکردنی ڕەهەندەکانی ئەو جیاوازیە بنەڕەتییەی کە هەیە لەنێوان گۆڕاوە بەکارهاتووەکان لە شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی دیاردەیەکی توێژینەوە لێکراو ،و پاشان دۆزینەوەی قورسایی هەر گۆڕاوێك لە گۆڕاوەکان کە تایبەتمەندییەکانی دیاردەکەی پێ پێوانە دەکرێت (19).

دووبارەکان و ڕێژەی سەدی گۆڕاوی زانیاری کەسی ئەوانەی وەڵامی ڕاپرسییەکەیان داوەتەوە لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

أ . گۆڕاوی ئاستی خوێندن کە حەوت ئاست لە خۆ دەگرێت: وەکو لەخشتەی (2) و شێوەی (2) دەردەکەوێت.

ب . گۆڕاوی تەمەن کە چوار گروپ لەخۆ دەگرێت:وەکو لە خشتەی (3) و شێوەی (3) دەردەکەوێت.

ج . گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ ): وەکو لە خشتەی (4) و شێوەی (4) زانیاریەکان خراونەتە ڕوو.

د . گۆڕاوی پیشە کەپێکهاتووە لە پێنج پیشە،وەکو لە خشتەی(5) و شێوەی (5) دا دەردەکەوێت.

### سێیەم// ئەنجامی شیکاری ئاماری:

لەدوای جێبەجێکردنی شێوازی شیکردنەوەی فاکتەری و بەبەکارهێنانی ڕێگای پێکهاتەی بنەڕەتی بەسەر گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەدا،دەرکەوت کە شەش فاکتەری سەرەکی زۆرترین کاریگەریان هەیە ،بەڕێژەی (66,088%)لە کۆی جیاوازی گشتی تایبەتمەندی ئەو گۆڕاوانەیە کە لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون،وەکو لە خشتەی (6) دەردەکەوێت،ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرەو ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی ئەو گۆڕاوانەی کە لە توێژینەوەکەدا هاتووە بەشدارن لە کرداری شیکردنەوەکەدا،و هەروەها ئەو شەش فاکتەرە کاریگەرەش کە بەرنامەکە جیایکردنەوە لەسەر ئەو بنەمایە دەست نیشانکراون کە دەبێت ئەنجامی هەریەك لەو فاکتەرانە لە ژمارە (1)ی تەواو زیاتر بن ،ئەگەر هاتوو کەمتر بوو لە (1) ئەوا فاکتەری لاوازن و

هەژمارناکرێن، بڕوانە شێوەی (6). دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە فاکتەرەکان دابەش بکەین:

### فاکتەری یەکەم(Factor 1) :

ئەم فاکتەرە نزیکەی (24.74%) ی ڕێژەی جیاوازی دەگرێتەوە،واتا ڕێژەی (24.7% ) لەهۆکارەکانی دیاردەی پیسبوونی بینین لە شاری کەلاردا بۆ ئەم فاکتەرە دەگەڕێتەوە،ئەمیش ئەو گۆڕاوانە دەگرێتەوە کە دەچنە چوارچێوەی ئەم فاکتەرەوە، ئەوانیش لە (9) گۆڕاوی سەرەکی پێکهاتوون ،لەڕیزبەندی یەکەمدا گۆڕاوی دەرکەوتنی یەکەی نیشتەجێ بوونی هەڕەمەکی و بینای نایاسایی دێت بەبەهای (0.671 ) ،و پاشان بڵاوبوونەوەی دیاردەی مۆلیدە ئەهلییەکان و تەل و وایەری ئەو مۆلیدانە دێت بەبەهای (0.627 ).وە گۆڕاوی کەمتەرخەمی و دواکەوتنی لابردنی مەوادی بەجێماو لەکاتی چاککردنەوەی هەندێك پرۆژەی خزمەتگوزاری ،بەپلەی سێیەم دێت و بەبەهای (.605).وە بەدوای ئەمەشدا یەك لەدوای یەك گۆڕاوەکانی تر دێن کە پەیوەستدارن بەم فاکتەرەوە.لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە نارێکیەکی دیار لە تایبەتمەندی شارسازی و ئاوەدانی لە شارەکەدا هەیە کە دیاردەی پیسبوونی بینینی لێکەوتووەتەوە

### فاکتەری دووەم( Factor 2) :

ئەم فاکتەرە بە پلەی دووەم دێت لەڕێژەی جیاوازیدا کە نزیکەی ( 10.59%)ی هۆکاری جیاوازی دیاردەکەیە،ئەم فاکتەرەش لە (2) گۆڕاو پێکدێت،لەوانەش گۆڕاوی هەبوونی پاشماوەی بینایەی کۆن و داڕوخاوو بەجێهێڵراو،بەبەهای (.538)،و بەدوای ئەمیشدا گۆڕاوی خراپ بەکارهێنانی شۆستەکان دێت لەلایەن دەستگێڕو خاوەن دوکانەکانەوە،بەبەهای. (.481)

### فاکتەری سێیەم( Factor 3 ) :

ئەم فاکتەرەش (1) گۆڕاو دەگرێتەوە،و بەڕێژەی (8.27 %) لەهۆکارەکانی جیاوازییە،و بەرزترین فاکتەری دەکەوێتە گۆڕاوی جۆراوجۆری لەبەکارهێنانی مەوادی بیناو ڕەنگە جۆراوجۆرەکان لە بیناکاندا بەبەهای.(.522)

### فاکتەری چوارەم(Factor 4) :

ئەم فاکتەرە بە پلەی چوارەم دێت و بەڕێژەی جیاوازی (8.04 %) لە هۆکارەکانی پیسبوونی بینینە لە شارەکەدا،ئەم فاکتەرەش (1) گۆڕاوی سەرەکی لەخۆ دەگرێت ئەویش گۆڕاوی تەسکی شەقامەکان و قەرەباڵغی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل و پیادە بە پلەی یەکەم دێت بەبەهای (.579).

### فاکتەری پێنجەم:(Factor 5) :

ئەم فاکتەرە بە پلەی پێنجەم دێت لەڕووی ڕێژەی جیاوازی کەدەکاتە (7.37 %)،ئەمیش (1) گۆڕاو لەخۆ دەگرێت ،کە ئەویش گۆڕاوی نەبوونی شوێنی سەوزایی و شوێنە کراوەکان دەگرێتەوە لە شارەکەدا بەبەهای.(0.528)

### فاکتەری شەشەم(Factor 6) :

ئەم فاکتەرەش دوو گۆڕاو لە خۆ دەگرێت،وە ( 7.060%)لە هۆکارەکانی جیاوازییە،بەرزترین بەرزترین بەهای لە گۆڕاوی چوارەمدایە (بڵاوبوونەوەی پۆستەرو ڕیکلام و لافیتە لە شوێنەکانی شاردا) کە بەهاکەی دەگاتە (0.551)،و دوای ئەمیش گۆڕاوی شازدەهەم دێت کە پێکهاتووە لە(بڵاوبوونەوەی ئاژەڵە بەرەڵاکان لە هەندێك لە شەقام و گەڕەکەکاندا) بەبەهای )).0.491

هەرچی سەبارەت بە ڕۆڵی لایەنە حکومی و بەرپرسەکان و دامەزراوە پەروەردەییەکان لە دیاریکردن و کەمکردنەوەی ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین لەشارەکەدا،ئەوە دەردەکەوێت کە (83%) ی وەڵام دەرەوەکانی نموونەکە هۆکارەکانی پیسبوونی بینین دەگەڕێننەوە بۆ کەمتەرخەمی دەزگا حکومیەکانی وەکو شارەوانی و هاتووچۆ و ئاوو ئاوەڕۆ و دەزگا پەیوەندیدارەکانی تر ،و هاوکۆلکەی پەیوەندی نێوانیان دەگاتە (0,798) واتا پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز هەیە لەنێوانیاندا، و لەنێوان ئاستی زانستی تاك و هۆشیاری و ڕۆشنبیری هەست کردن بەبەرپرسیارییەتی لای هاونیشتمانیان و زیادبوونی ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین ،هاوکۆلکەی پەیوەندی پێکەوەیی پێرسۆن نێوانیان دەکاتە( 0,885) واتا پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە ،و لە (80% )ی وەڵام دەرەوەکان هۆکاری پیسبوونی بینین دەگێڕنەوە بۆ کەمی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری و هۆشیاری لای هاونیشتمانیان لە زیادکردنی ڕواڵەتەکانی پیسبوونی لەشارەکەدا.

## دەرئەنجام و پێشنیارەکان:

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا بە کۆمەڵێك دەرئەنجام گەشتین، و چەند پێشنیارێکیش خراوەتە ڕوو بۆ کەمکردنەوەو سنورداركردنی ڕواڵەتەکانی پیسبوونی بینین لەشاری کەلاردا ئەوانیش.:

1. پیسبوونی بینین پێناسە دەکرێت بە ڕەگەزە بینراوە ناسەرنج ڕاکێشەکان ،جا چ ئەو ڕەگەزانە دیمەنە سروشتییەکان بن یاخود دیمەنی دەستکرد بێت،و یاخود بریتییە لە تێکچوونی هەر دیمەنێك کە چاوی مرۆڤ لەکاتی ڕوانین بۆیان هەست بە ئاسودەیی دەروونی ناکات،و هەروەها سەلیقەی هونەری تێکدەدات ، و یاخود شاردنەوەی وێنەی جوانیی هەموو ئەو شتانەی کەلەدەوروبەرمان هەن .وە دەتوانین پیسبوونی بینین پێناسە بکەین بەوەی کە ئەو جۆرەی پیسبوونەیە کە ئازاری چاو دەدات لە زۆرینەی بارودۆخەکاندا کاردەکاتە سەر خۆشگوزەرانی گشتی، و زیان بە تەندروستی شار دەگەیەنێت و دائیەماڵێت لە سیماو وێنە جوانەکانی.
2. لەکاتی ئەنجامدانی سەردانە مەیدانیەکانمان بۆ ناوچە
3. جیاوازەکانی شاری کەلار و تەواوی شێوازەکان و بەکارهێنانەکانی زەوی شارەکە زۆر بە زەقی ئەم دیاردەیە (پیسبوونی بینین) لە شارەکەدا بەرچاو دەکەوێت، کێشەی ژینگەیی پیسبوونی بینین لە شاری کەلاردا هەموو شوێنەکان و گەڕەکەکانی شارەکەی لێ بەدەر نیە واتا بەشێوەیەکی چوون یەك ئەم دیاردەیە لە هەموو ناوچەکاندا دەبینرێت.ئەمەش کاری کردووەتە سەرشێواندنی کەسێتی و ڕوخساری شار، و

دووبارەبوونەوەی بینینی ئەم دیمەنانە بە تێپەڕبوونی کات وا دەکات کە هەستەکان لە دەست بدەین و بەهای جوانی و وێنەی ڕاقیێتی ڕوخساری بیناکاری لە دەست دەچن.

